کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:33 20-6-2007

## بۆ چەندەمین جار فەرمانبەران لەسەر سیاسەت لەوەزارەتی پەروەردە بگواسترێنەوە. ... ئەڤین کۆیی *

لەو ساتەی کە هەردوو حیزب یەکیان گرتووەتەوە و وەزارەتی پەروەردە دراوە بدەدەست حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆ پتر لە (15) فەرمانبەر گواستراونەتەوە و چەندێکیشان خۆیان داوای گواستنەوەیان کردووە لەبەر توندڕەوی هەڵسوکەوت لەگەڵیان تاوەکو ئێستا چەندێکیشیان هەر بە ناخۆشی گواستووەتەوە و دەستکاری فایلیانیان کردووە، ئێستا لە وەزارەت هیچ فەرمانبەرێك ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە بگرە لەهەر ژوورێك چەند کەسێکیان داناوە بۆ گواستنەوەی ووتەکانی هەندێك لەفەرمانبەرانی دیکە، لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم کۆنگرە پەروەردەییەی دواییەی وەزارەتی پەروەردە، (جەمال) ناوێك لەبەڕێوەبەرایەتی بەشی چالاکی وەرزشی و هونەری و دیدەوانی تەنها لەسەر یەك ووتە و لەسەر حیزبی پارتی قسەی ئەو فەرمانبەرەی گەیاند بە جەنابی وەزیری پەروەردە و فەرمانی گواستنەوەیان بۆ ئەو فەرمانبەرە دەرهێنا بەبێ ئەوەی بتوانێت پشتگیری لەخۆی بکات و ڕووداوەکە ڕوون بکاتەوە باشە ئێمە لە کوردستان تاوەکو کەی هەر ئاوا دوا دەکەوین و حیزب حیزبانێ دەکەین و قسە لەسەر یەکدی دەکەین تاوەکو کەی ئەم هەڵسو کەوتو کارە نارێکانە لەناو میللەتی کورددا بمێنێت بۆچی؟ باشە لەو کاتەی کە وەزارەت بەدەست حیزبی پارتییەوە بوو چەند یەکێتی هەبوون و لەسەر لیستی پارتی دامەزرابوون بۆچی ئێستا ئەو کە سانە هەڵگەڕاوونەتەوە و بوون بە یەکێتی و هەندێکیان بووە بە بەڕی، ەبەری گشتی و ئەوانیدیکەش بوون بە بەڕێوەبەری بەش و هیدیکە بۆچی ئەم کارانە تەنها لەوەزارەتی پەروەردەدا هەبێت لەبەر چی ئەم ڕەوشتانە بەکار دێنن بۆ هەڵسو کەوت لەگەڵ فەرمانبەران تاوەکو ئێستا بەڕێوەبەری گشتی دیوان شەخسییەن چەند فەرمانبەری لەخۆی ڕەنجاندووە و چەندی دیکەی بە گواستنەوە داوە و فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرهێناوە بەبێ ڕەزامەندی ئەو فەرمانبەرە خۆی، تاوەکو کەی غەدر لەفەرمانبەران دەکەن بابشە ئێوە هیچ شتێك لێکنادەنەوە کە ئەو شوێنەی ئێستا ئێوەی لێن تاوەکو سەر بۆتان نامێنێت یان هەر ئارەزووتان ئەوەیە کە باری گوزەرانی فەرمانبەران تێکبدەن بە هەڵسو کەوتتان لەگەڵیان و بەگواستنەوەیان پاشان بەشی ڕاگەیاندنی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لەوازرەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان گۆڤارێکە ستافێك لەچەند کەسێك پێکهاتووە و بەڕێوەیان دەبرد تاوەکو ئێستا کەچەند شتیان لێ بڕاوە و وەکو خۆی بەڕێوە ناچێت تەنها لەیەك ژمارەش دوا نەکەوتوون و بەڕێکوپێکی کارەکانیان بەڕێوە بردووە تاوەکو وەزیری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕا ئەو گۆڤارەی ئاسۆی پەروەردەیی بەنیوەو ناتەواوی ڕاگرتووە و پاداشتی مانگانەی لەستافەکە بڕیوە و چەند فەرمانبەرێکیشیان لەبەر بەڕێوە نەچوونی کارەکانیان ڕاژەی خۆیان گواستووەتەوە بۆ جێگای دیکە لەوەزارەتەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.